# له وەڵامی بیرە پووکاوەکاندا

**کە پووشووی ڕەخنە کۆدەبێتەوە**
**شقارتەی شیعر دادەگرسێنم**
**کە زمانی پیس لێم دەڕشێتەوە**
**بە تەوری ووشەی سوور دەیقرتێنم**
**هەندێك ژەهراوی دەم هەیە تەنیا**
**هەر بە چڵکاوی یەکەم دەساوی**
**گۆرەویەکانم پاك دەبێتەوە**
**هەندێك ڕوانینی تەوساوی هەیە**
**جێگای وون کردووەو وەك گیا پۆگەنە**
**لە ژێر پێڵاوی من دەڕوێتەوە**
**هەندێك لاقرتێی ناو زێراب هەیە**
**مرۆڤی ووشیار لووتی لێ دەگرێ**
**هەندێك سەلوێنکی قسەی تاڵ هەیە**
**(سکەنگ)یش حەیفە جێگای تیا بگرێ**
*******
**کاتێك هەوری پڕ چەخماخە دەدات**
**شەمشەمەکوێرە ئاسمان جێ دێڵێ**
**کاتێك ئاوی ڕوون هاژە هاژ دەکات**
**جرجی نابینا زەوی دەکێڵێ**
**کاتێك کە ڕەنگی پەلکە زێڕینە**
**لە نێو شیعردا بدرەوشێتەوە**
**دڵێك تاریکی پەروەردەی نەکا**
**بە دیمەنی وا دەبووژێتەوە**
**کاتێك کە ساماڵ بەهار دەگرێتە**
**باوەش و ماچی سەوزایی دەکات**
**دڵێك جۆلانەی پایز ڕایژەنێ**
**زووخاوی ڕەشی، لافاو هەڵ دەکات**
*******
**منێك ژووانم لەگەڵ خەبات بێت**
**ناتوانم لەگەڵ دواکەوتنا بم**
**منێك ژووانم لەگەڵ تیشك بێت**
**دەبێت هەر لەگەڵ سەرکەوتنا بم**

**بژار**
2/8/2002

www.kurdistannet.org

## دیسانەوە لە وەڵامی بیرە پووکاوەکاندا

ووتیان بۆ زووخاوت ڕشتووەتە نێو دڵی
ئەوانەی کە باڵای ڕەخنەیان تا ئاستی قولاپەت بڵندە
بۆ تانەت خستووەتە نێو چاوی ئەوانەی
بەزیون و لە مەیدان وڕێنە دەکەنە تێغێکی بڕندە
ووتیان بۆ سەری خۆت کردووەتە نیشانەی
ئەوانەی ناتوانن ڕووناکی لە کاسەی چاوانا هەلگرن
بۆ سیمات کردووەتە ئاوێنەی ئەوانەی
ڕۆژانە ئاشکرا لە ناخا ژەنگ ئەگرن
ووتیان بۆ ڕقیانە لە نووکی قەڵەم و
ڕقیانە لە سەدای دەنگێکی ڕاپە ڕیو
بۆ هەڵۆی ووشەی سوور دەرکەوێ دەروونیان
دەبێتە بانێکی زستانەی داتەپیو
ووتیان بۆ تۆ دەکەن بە بەردی دیوارێك
ژاوەژاو هاتووە بناغەی داناوە
بۆ دەتکەن بە نیرگە بۆ سەقفی ویژدانێك
دەمێکە لە دنیای مێشکیانا ڕووخاوە
ووتیان بۆ لە ڕووتا: لە سەرا تەم ئەکەن
، لە دڵا ژان ئەکەن، لە دەما کەف ئەکەن
بۆ باری قسەی پووچ بە کێوی دەماری
ملیانا بۆ زوانی چڵکنیان سەر ئەخەن
ووتیان بۆ ماخۆلیان کەوتووەتە سەریان و
بۆ کێچی پەلامار کەوتووەتە (کەوڵ) یان
بۆ هانا دەبەنە بەلەمی بێ شەرمی و
بۆ ووتەی قێزەوون بووە بە (سەوڵ) یان
ووتیان بۆ دەروازەی کوودەتا واڵایە و
بۆ ئاستی دەم شڕی بەم جۆرە باڵایە
بۆ مرۆڤ لە کوچە و بازاڕی ئەمانا
وەك بزمار وەك چەکوش وەك دەزگا کاڵایە
***

لەبەردەم ئەم بێشەی گولاڵەی پرسیارە

لە بەردەم ئەم هەموو(کەنەسمە) ی بنارە

**شۆڵەیەك بە پرتاو هاتە ناو گلێنەو**
**یەك وەڵام ڕاگوزەر بە دڵما تێپەڕی**
**ئەویش وەك بروسكە پەنجەمی ڕاكێشاو**
**لە چاڵی چاویانا بۆ شیعری هەڵبڕی**

**بژار**
2002/8/3

www.kurdistannet.org